# سەرپڕینی (هَدي) لە عەرەفات ودەرەوەی سنووری حەرەم

[ كردي – كوردی – kurdish ]


عەبدولعەزیز بن باز

وەرگێڕانی:
دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی :پشتیوان سابیر عەزیز



2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ حكم ذبح هدي التمتع والقران في عرفات ﴾

« باللغة الكردية »

## عبد العزيز بن باز

رحمه الله تعالى

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1432

IslamHouse.com

## سەرپڕینی (هَدي) لە عەرەفات ودەرەوەی سنووری حەرەم

**پرسیار :** حاجییەك (هەدی) یەكەی _مەبەست لە الهدي سەرپڕینی ئەو ئاژەڵەیە كە حاجی سەری دەپڕێت ئەگەر هاتوو نییەتی بە حەجی تەمتوع و حەجی قیران هێنا _ لە عەرەفات سەرپڕی لەڕۆژانی دوای چەژن و پاشان دابەشی كرد بەسەر ئەو كەسانەی كە لەوێ بوون؟ ئایا ئەمە دروستە؟ وە ئەگەر دروست نییە چ شتێك لەسەر ئەم حاجییە واجبە بیكات ئەگەر جاهل بووبێت بە حوكمی یان بەدەست ئەنقەست كردبێتی؟ وە ئایا دروستە هەدیەكەی لەعەرەفات سەرپڕێت ودواتر گۆشتەكەی لەسنوری حەرەم دابەش بكات؟ وە ئایا ئەو جێگایانە كوێن كە دروست نییە (الهدي) ئاژەڵەكەی تێدا سەرببڕرێت ؟

**وەڵام :** سەرپڕینی ئاژەڵی حەجی تەمتوع و قیران دروست نییە لە سنووری حەرەمی مەككەدا نەبێت، جا ئەگەر هاتوو لەغەیری حەرەمی مەككە سەری پڕێت وەك لەعەرەفات یان لە شاری جدە

یان لەهەر جێگایەکی تری دەرەوەی سنووری حەرەم ئەوە دروست نییە وواجبەکەی لەسەر ناکەوێت ئەگەر بێتو گۆشتەکەشی دابەش بکات بەسەر هەژارانی سنووری حەرەمیشدا، جا لەبەر ئەوە پێویست دەکات جارێکی تر (هەدیەکەی) سەربپڕێتەوە لە سنووری حەرمدا جا چی بە نەزانی ئەو کارەی کردبێت یان بە عەمدی ودەست ئەنقەست بووبێت، لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خودا (صلی الله علیە وسلم) هەدی یەکانی خۆی لە سنووری حەرم سەرپڕیوە، پاشان هەر پێغەمبەریش (صلی الله علیە وسلم) فەرموویەتی : (خذوا عني مناسككم) واتە : لەمننەوە ئەرکان و واجبات ومەناسکەکانی حەج وەربگرن وفێری ببن، هەروەها هاوەڵە بەڕێزەکانیش (خوایان لێ ڕازی بێت) هەروایان کردووە وشوێن پێغەمبەری خودا کەوتون ..

خوای گەورەش زانا وشارەزاترە ...